# غروری وشە لە قوڕگێکی نەشازدا...
# بەزەیی هاتنەوە بە کۆیلەیەکی موژدەبەخش!!

**نوری بێخاڵی**

گوتاری رۆشنبیری فرێدانی وشە و چەمك و پەنابردن بۆ گوتراوەکانی خەڵکی تر و خواستنیان نییە، هەمدیس وازیکردن نییە لە پشتی دەمامك و ماسکی ساختەدا، دەمامکێك تەنکتر لە باڵی مێش کە بەرگەی کلاوڕۆژنەیەك و دەزووە تیشکێکی باریکی خۆر ناگرێ و هەر زوو دیوە شاراوە و ساختەکانی دەبینرێن.

یەکێك لە نەخۆشییە درمەکانی نێو جەستەی رۆشنبیری، هاشوهوشی قەڵەمی نەزۆك و عەقڵی پاسیڤ و دنیابینی بارگاوی بە ژەهری ئایدیۆلۆژیا و فس فس پاڵەوانێتی دۆڕاوەکان لەشەڕی خۆ سەلماندن و ناو دروستکردندا، غرور و موژدە بەشینەوە و خۆبەزلزانی و بانگەشەی فریادڕەسیە لە پشتی گەمەکانی زماندا، زمانێکی خواستراو لە گەنجینە و مەعریفەی ئەوانیتر و کاوێژکردن لەسەر گوتراوەکانیان، کە ئەو عەقڵە پاسیڤ و دۆگمایە زۆر لەوە هەژار و دەست کورت و دەستەپاچەترە، نەك بەرهەمیان بێنێ، بگرە خەیاڵیشی بەلایاندا بچێت. بۆیە هەر لەگەڵ خوێندنەوەی یەکەم وشە و رستەی ورێنەکانیاندا، هەست بە نەشازی و هەناسە سواری دەکەیت و برستی ئەوەت نابێت درێژە بە خوێندنەوەیان بدەیت، رەنگە هەر ئەو دیاردە نامۆ و نەخۆشییە درمەش بێت کە لەرابردوودا جەستەی گوتاری رۆشنبیری و ئەدەبیاتی کوردی کرمێ کردبێت و شاعیرێکی مەزنی وەك (حاجی قادری کۆیی) ناچار کردووە بڵێ:

**چونکە شاعیر زۆر بووە لەم عەسرەدا**
**بۆتە حەشری نێرەکەر لەم حوجرەدا**

چۆن دەڵێن :(...بە لغاو و زینکردن، نابێتە....!)، ئاواش کەس بە وشەی زل و گوزارشتی قەبە و وەعزدان و لووت بەرزی..یان بە پێك هەڵدان و دانیشتن لەتەك روناکبیرێکدا..یان بە سازکردنی گفتوگۆیەك لەگەڵ بیرمەندێکدا..یان بە بوونی ژمارەیەکی زۆری ئیمەیل و ژمارەی تەلەفۆنی رۆشنبیران لە هەگبەی ئەدرێسەکانیدا.. ، نەبۆتە و نابێتە فەیلەسوف و روناکبیر و خاوەن شوناسی رۆشنبیری!

بۆیە کاتێك ئەو کەسانە سەرپشك بکەیت لەنێوان ئەخلاقی رۆشنبیری و هەڵوێستی ئایدیۆلۆژیادا، زۆر بێباکانە لە پرۆسەی خۆیەکلاییکردنەوەدا، جورئەتی ئەوە بەخۆیان دەدەن کە کۆیلەی ئایدیۆلۆژیا و پیاوەکانی دەسەلآت بن، بەتایبەتی کەسانێك لەگەڵ رەوتی (با)یەکی ناوەختدا سەریان بە ماڵی رۆشنبیریدا کردووە، هەر خوا دەزانێ چ قەدەرێکی وێرانە هێناونی و سەرگەرمی ئەوەن بە ئەفسانە سەرابییەکانیان نەوەی نوێ بەنج بکەن ، کەسانێك هاکا بینیت لەبەردەم لۆژیکی گفتوگۆی فیکر و مەعریفەدا لە بێ تفاقیدا بەزین و چوونەوە ماڵی جەهل و دنیای خۆونکردن و خودلەدەستداندا.

هەر لەبەر ئەمەشە کە ئەم حیکایەتخوانانە لەهەندێ شوێنکاتدا (شوێنکاتێك کە پاروویان تێدا چەورتر دەبێت!) ئەفسانە و حیکایەتەکانی حزب و سوپەرمانی کائینەکانیمان بۆ دەکەنە داستانی نەمری، دەیانەوێ وا تەلقینمان بدەن کە کاریگەری ئەو کائینانە لە دوێنێوە بۆ ئەمڕۆ و لە ئێستاوە بۆ سبەی درێژ دەبنەوە و پێویستە ئیرادە و بوونمان بدەینە دەستی قەدەری ئەوان، بەلآم کە روخساری دەمامکدراویان دەرکەوت و خرایە بەر تیشکی حەقیقەت، وەك شێرەبەفرینە دەتوێنەوە و کیسەڵ ئاسا دەچنەوە قاوغی خۆیان.

چ جەهلێکە سێبەری خۆت لێ ببێتە ئەژدیها و پێت وابێت ئەوە تۆیت (رۆسۆ و ڤۆلتێر و مۆنتسکیۆ و دیدرۆ و......)ی کۆمەڵگاکەت و ئەو سوپەرمانەی بەبازو و تواناکەت شیشی (باستیل)ـە ئازادی کوژەکانی دنیاکەمان تێك دەشکێنی، لەکاتێکدا لەبەرامبەر (موچەیەکی چەور و ئیمتیازێکی حزبیدا!) بەشەرمنییەوە لە سوچێکی شیشەبەندەکانی باستیلی ئایدیۆلۆژیەکەتدا گرموڵە بیت و پێت شەهامەت و سەروەری بێت..چ کارەساتێکە کۆیلە هاواری بێدەنگی خۆی، بەسەدای زوڵاڵی شۆڕشگێڕ و گوتارە عەقڵانی و هزرە ئازادیخواز و ستەم

و دیکتاتۆر تۆقێنەکانی سەردەمی رۆشنگەری بچوێنی..چ خەراباتێکە کورتەبالاّ بەژنی خۆی بەسەرکەشی کاراکتەرەکانی پرۆسەکانی گۆران و نوێبوونەوە و شۆڕشی کۆمەلاّیەتی چاخی نوێگەری بگرێ! !

ئەو لەپێدەرچوونەی هەندێ ئینشانووسیش، نوکتەیەکم بیردەخاتەوە کە برادەرێك بۆی گێرامەوە. دەلێن بەیانییەك بۆقێکی بچوك لەسەر لێواری ئاوێك دەیەوێ ماسی بخوا، بەلاّم لەگەلّ دەرکەوتنی تیشکی خۆردا کە ئاوڕێك لەدواوەی خۆی دەداتەوە سێبەرەکەی خۆی وەك کێو دێتە پێش چاو و هەست دەکات زۆر قەلّەو و زەبەلاحە، هێند لەخۆ بایی دەبێت واز لەماسی خواردن دێنێ، گوایە پێی شەرم بووە، لەکاتێکدا کەس خەیالّیشی لەلای ئەو نەبووە و وەك دەلێن سفری دوای فاریزەی دونیای خۆیەتی، تا ئێوارە بۆقە شینکە بە برسێتی دەمێنێتەوە، کە دواتر دێتەوە سەر حەقیقەتی خۆی و رۆژ ئاوا دەبێت و دەبینێ ئەو هەر لەڕوالاوازەکەی دوێنێیە و زیندەخەوێکی خۆبەزلزانی بدوویەتیەوە، ئیدی بواری ئەوەی نامێنێ و فریای ماسی خواردن ناکەوێ، بۆیە تا هێزی تیایە خۆی دەکێشێ بە زەویا و دەقیرێنێ، پەنجەی پەشیمانی دەگەزێ و مەمنونی رەفیقێکی خۆیەتی ئەو شەوە بەهانایەوە بێت تا لەبرسا نەمرێ، چونکە فیز و لووت بەرزییەکەی بەیانی و برسێتی بەرهەمی غرورەکەی، تەنانەت برسێتی ئەوەیشیان لێبڕیبوو فریای راوی مێشوولە بکەوێ..بەلاّم سەیر لەوەدایە ئەو ئینشانووس و وەعزدەرانە سوڕ دەزانن وەکو ئەو بۆقەن، کەچی جورئەتی بۆقەکەشیان نییە دان بەلاوازی و خۆهەلّکێشان و لوت بەرزی خۆیاندا بنێن و لەو وەهمە پووچە بێنەدەر و لە بورجی عاجی خەیالّ پلاّوی خۆیان دابەزن و بەشەهامەتەوە دان بە ساویلکەیی و بەسەزمانی و بێ تفاقی خۆیاندا بنێن! !

دەبەنگی لەوێدایە باوەڕت بە شتێك وفۆرمێکی کارکردن نەبێت، کەچی بێیت و شاباشی بۆ لێبدەیت و لە مەجلیسان زوڕنای بۆ بژەنی..گەمژەیی ئەوەیە، نەك قەلّەم، بەلّکو خودی خۆت و کۆی ئیرادە و جەستە و هەست و نەستت لەبەرامبەر پلەیەکی حزبیدا هەرزانفرۆش کردبێت، سەرجەمی بەها جوانەکان (کە بە نیفاق و دووفاقی و چۆن بەرژەوەندیت خواستی سەودایان لەگەلّدا دەکەیت و بۆ نیازەکانت تەوزیفیان دەکەیت) وەك کالاّیەکی پوچ هەڕاج بکەیت، کەچی بێیت و وانەی ئەخلاقی نووسین و هەلّوێست و ئیرادە و شتی تریش...! بەخەلّك بلێیتەوە، (مام هەژار) گوتەنی: تا ئەوەی لە سوڕ دۆڕاندووتە، لە کایە تێی بێنیتەوە! مەگەر عەرەب نەیگوتووە: (فاقد الشیء لا یعطی!) .

خۆونکردن لەوێدایە کە کۆیلەی یەقینێکی رەها بیت و پێت وابێت ئیدی لەدەرەوەی ئەو یەقین و حەقیقەتەی تۆدا حەقیقەتی تر بوونیان نییە، لەهەموویشیان وێرانتر بڕوابوونت بەو یەقینە، باکگراوند و پێشمەرجێکی هوشیاری و ئاگایی و مەعریفی نەبێت و تەنها رقێکی کوێرانەی خوێنگری خێلّەکیانە سەرچاوەکەی بێت ، جا لەوە سەلەفی و دۆگما تر چ کەسێکە؟ ئێ خۆ سەلەفییەت بەتەنها لەسەر ئایین و دەقەکانی تاپۆ نەکراوە؟ لێرەدایە کە ساویلکەیی و کالّفامی ئەو دەنگە نەشاز و قامیشە وشکهەلاّتوانە (نەك قەلّەم!) ت بۆ دەردەکەوێ، کە چەندە بیرکۆلّ و بێتفاقن لە دنیای فیکر و مەعریفەدا. لەوە بیرکۆلّتر چی، کەسێك لە رەهەندەکانی راڕایی و جولّەی بەردەوامی مرۆڤ لەناو حەقیقەتەکاندا نەگات و هێشتا نەزانێ گومان لەکوێی فەلسەفەدایە، بێت قسە لە فیکر و مەعریفە بکات و رووقاییمانە خۆی وەك پێشڕەوی نەوەیەك بناسێنێ و گوتارە سادەگۆکانی بەناوی (روناکبیری راستەقینە!) بەسەر خوێنەردا ساغ بکاتەوە و بیەوێ خەلّك ژیان و بیرکردنەوە و دنیابینییان رادەستی قەدەری یەقینی رەهای ئەو بکەن؟!

گالّتەجاڕترین شتی ئەو کەسانە ئەوەیە لەپشتی چاویلکەی تاریکەوە دێن و بەرامبەرەکانیان بە جاسوس و خۆیان بە مونەزیر ناوزەد دەکەن و نوقلّی خۆیان کە لە قوتوی هیچ عەتارێکدا جێی نابێتەوە و شوێن نەماوە لەسەر حیسابی گەرزۆی بەرامبەر هەڕاجی بۆ نەکەن و تەپلّی بۆ نەکوتن، کەچی دێن و کالاّکانی خۆیان بە ئەوانیتر دەفرۆشنەوە، مەگەر ئەو پالّەوانە ئەفسانەییانە نزیکتر نین لەو بونەوەرەی کە بۆخۆی نەبوو، سۆریکەشی لێهاتبوو! !

هەق وایە کۆیلەی خاوەن قورگی نەشاز و قامیشی نەزۆك و عەقلّی داخراو، کەسێك کە دنیایەکی یۆتۆپی و بێئەوەی کەس پێی بزانێ لە خەیالّدانیدا بۆ خۆی دروستکردووە و لای وایە لە نێوەندێکدا (کە بە ورێنەکانی ئەو نامۆیە) دەخوێنرێتەوە، داخ بۆ ئەوە بخوا کە بەو خۆشخەیالّیەی خۆی و خەونە چۆلەکەییەکانی لەهەردوو دونیا بووە (بەمانا ئاییەنییەکەی نا!) و ئەو راستییەش باش بزانێ کە هەر کەسە و بە پێوانەی ئەو، لەهەر شوێنکاتێکدابێت، گەر بیەوێ دەتوانێ دروشم بازی بکات و جوامێری و هەلّوێست و شتی تریش...!

بەسەر ئەوانیتردا بفرۆشێ و زۆر کاڵاش شاباش بکات، بەتایبەتی کاتێك کەسێك وەك (وشترمل سەری لەخاکدا چەقاندبێ و پێی وابێت کەس نایبینێ، بەڵام جگە لەسەر، هەموو جەستەی بەدەرەوەیە!)، چونکە لەبازاڕی حیکایەتخوانی (نەك رۆشنبیری)دا، پرۆسەی هەرزانفرۆشی وشە و هەڕاجی هەڵوێست و تەوزیفکردنی سیما و وێنەکانی خۆت بۆ ئەویتر زۆر ئاسانە، بەڵام پێویست و دووبارە دەیڵێمەوە ئەوەمان لەیاد نەچێت کە هەر شتێك ببریسکێتەوە زێڕ نییە!!